# سڵاو لە ئامەد (دیاربەکر) و نەورۆز

**کاوە ئەمین**

بۆ یادی نەتەوەپەروەری کورد (مەزڵوم دۆغان)




ئەفسانە (میتۆلۆگی)، لە مێژووی گەلاندا گرنگییەکی زۆری هەیە، تا ئەو ڕادەیەیی کە لە تیۆری ناسیۆنالیزمدا، دەورێکی گرنگی پێدراوە لە گرێدان و وروژاندنی هەستی نەتەوەیی گەلێکدا. بێگومان گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی جیهان کە خاوەنی کولتوور و ئەفسانەی دێرنی تایبەت بە خۆیەتی.

نەورۆز بە گرنگترین چەژنی نەتەوەیی کورد دادەنرێت، هەربۆیەشە لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە تایبەتی لە شیعری کوردییدا، گرنگییەکی زۆری پێدراوە. لە مەلای جزیرییەوە بگرە هەتا پیرەمێرد و هێمن و هەژار و بە دەیان شاعیری تریش هۆنراوەیان بۆ نەورۆز وتووە، تەنانەت داستانی نەتەوەیی مەم و زینی فەلیەسوفی کورد ئەحمەدی خانی لە ڕۆژی نەورۆزدا دەست پێدەکات. دەوڵەتی نەژاد پەرستی تورک بە ساڵانە نەورۆزی قەدەغەکردووە، بەو هیوایەیی کە هەستی نەتەوەیی کورد کوێربکاتەوە. ئەوە بوو، شۆڕشی باکووری کوردستان کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، دوای دەیان ساڵ خامۆشی و بێدەنگی لە باکوور، سەریهەڵدا و، توانی ڕێگا لەبەر توانەوە و نکۆڵیکردندا بگرێت و مێشکی کەمالیستەکان بشڵەقێنێ.

ساڵی 1982، کە تازە لە تورکیادا کودەتایەکی سەربازی بە سەرۆکایەتی کەنان ئێڤرین کرابوو ، بۆ ڕێگاگرتن لەبەردەم شۆڕشی کورد و سەرهەڵداندا، زیندانەکانی تورکیا جمەیان دەهات لە نیشتیمانپەرەوەرانی کورد، لە هەندێک زینداندا، هۆڤێتی تورکان گەیشتبووە ڕادەیەکی وا کە توانیبویان ئیرادەی زۆر لە زیندانییەکان تێکبشکێنن. لە ساتەوەختێکی وادا، نیشتیمان پەروەرێکی کورد، کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و وەدەرنانی کۆلۆنیالیزمی تورکی لە کوردستاندا، زیندانی کرابوو، سەجانەکانی تورکی بەچۆکدا هێنا، شادڕەوان مەزلوم دۆغان، بە ئاگاییەوە بەوپەڕیی جەسارەتەوە لە ڕۆژی نەورۆزدا لە ساڵی 1982، ئاگری لە گیانی خۆی بەردا و، نەورۆزێکی وای کردەوە کە مێژووی کورد بە خۆیەوە نەبینی بوو. داگیرکەران لە ئاستی ئەو گاینبازییەدا، سەریان سوڕما، تەلاری فاشیزمی تورکی بە ئاگری نەورۆز و گیانی مەزلوم ، دارما. ئیتر لەو ڕۆژەوە، نەورۆز لە باکووری کوردستاندا بوەتە هۆی گرێدانی هەستی نەتەوەیی کوردی و ساڵ بە ساڵ، بلێسەکەی گەورەتر دەبێت. بە شێوەیەک کە چیتر داگیرکەرانی تورک ناتوانن بەر بە ئاگری نەورۆز بگرن.

بە دەیان نیشتیمان پەروەرانی تر کورد ڕێگای مەزڵومیان گرت و بە گیانی خۆیان ئاگری نەورۆزیان کردوە لەوانە (زەکییە ئالکان، ڕەوشەن و بێریڤان) دوا کەلاوەکانی بیری کەمالیزمیان ئاور تێبەردا و، خۆیان کردە سیمبوڵی بیری پاک و کردەوەی چاک.

لەم ساڵانەی دوایدا، نەورۆز کراوەتە مانیفیستۆیەکی نەتەوەیی و لە ڕاستیدا دەتوانرێت ناوی بنرێت کەرنەڤاڵی نەتەوەیی و سەربەخۆیی. ئامەد (دیاربەکر) ساڵ بە ساڵ، خەڵاتی فیناڵی نەورۆز دەدات لە بەرۆکی خۆیی، پێدەچێت ئەمساڵ کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوین بهەژێنێ. ساڵی 1982، مەزڵوم دۆغان بە

تەنیا نەورۆزی کردەوە، پاش بیست ساڵ ئەو بڵێسەیە ئەو دەنگە بووە بە ملیۆنان دەنگ و ئیتر لە نەورۆزدا ئامەد دەبێتە دەریایەک لە ڕەنگی (کەسک و سوور و زەرد).

ئیتر نەورۆز، بەرگی ئەفسانەیی دڕیوە، مەزلوم و هاوڕێکانی، بە بەرچاوی جیهانەوە نەورۆزیان لە ویژدانی کورد و ئارییاییەکان و مرۆڤایەتیدا بەرجەستەکرد، زەکییە ئالکان و هاوڕێکانیشی گیانی پیرەمێردی نەمریان شاد کرد کە فەرموویەتی:

تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا

قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا

یاخوا تۆش ئامەد، هەر ئاوەدان بیت کە سەری خۆت و نەتەوەکەت بەرز ڕادەگریت و گیانی (مەزلومەکانی)ی کورد ، هەموو ساڵێ، شاد دەکەیت.

تێبینی: ئەم نووسینە دوو ساڵ لەمەوبەر لە گۆڤاری کوردستانی ئیمڕۆ و ڕۆژنامەی (کورد)دا، بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا کەمێک دەستکاریم کردووە.